کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردستانییە
www.kurdistannet.org
7-3-2007 17:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دۆڕانەکەی نەبەز گۆران و ماستاو ساردکردنەوەکەی کوردستان پۆست ... خۆێنەریکی جیدی

ئێستا ئەم دوو بەزمە لەنێو کۆڕ و کۆمەڵ دا زۆرباس دەکری و کتومت لەیەك دەچن، دەرئەنجامی هەر ئیشێك کە بۆمەبەست و پارووی چەرور بکری ئەنجامێکی ڕیسوای و ڕوو سووری نەبی هیچی دیکەی لێ حاسڵ نابی، وەکو ئەوەی ئێستا ئەو بیرۆکەیە گەڵالەَ بووە لەلای زۆرینەی ڕۆشنبیرە جیدی و پاکەکان لەمەودا پێویستە کاریكَی نۆێتر و داهێنانەتر بخرێتە شۆین کوردستان پۆست، جارێکی دیکەش خەڵکی نەخەڵیتیی بە قسە باق و بریق و دروشمە زللەکانی کوردستان پۆست، بینیتان نەبەز گۆرانی دۆڕاو چۆن چۆکی دادا و نەیتوانی بلی پەتی سێدارەشم بۆ ئامادەبکەن من هەموو کارە ناشیرینیەکانم پێ قەبوڵ ناکری، کەچی خەڵکی چاوەڕاوانی ئەمەی نەدەکرد، خۆ چاوەڕوان بوو ئەم کابرایە بدۆڕی و ڕیسوا بێت بەڵام نەوەکو بەوشێوەیە، ئێستا بچی دەست و قاچی سەرۆ و حیزبەکەی ماچ بکات، ئەوەی تاییەت بێت بەنەبەز کۆران خۆ بینیتان چۆن خۆی لێگۆڕاَبوو و خەیاڵ ئاسا نەخشەی پاڵەوانێتی خۆی دەنەخشان بەڵام نەیزانی نەوەکو ناتوانی وێنەی شێرمان پی پیشان بدا، عەیب نەبی ڕیویەکی مێینەش دەرچوو، مەبەستم مێینە ئەوەیە بۆنەوەری مێینە کەمتر خەریکی دروشمی زەق و گەورەیە، ناخۆشی و ڕیسوایەکە ئالێرەدایە هەرکەسی دێتە ساحەکەوە و دوو وتار و بابەتی هەلەق و بەلەق و دوو ئینشای نوسی خۆی لێمان دەکاتە ئەفلاتۆن یاخود سایتێك کە خۆی بە دەروازەو دەستپێشخەر دەزانی و خۆی بەهەڵگری کۆمەڵیك دروشمی قەبە و زلەزلە دەزانی کەچی هەر زوو لەباردەچی، من نامەوی زیاتر لەمەسەلەکەی نەبەز گۆران قسە بکەم ئەوە خۆێنەر خۆی سیناریۆکە دەزانی، و جگە لە ڕیسوابوونی نەبەز و پرۆتستۆ کردنی لەلایەن گەنجە بوێر و خاوەن کەسایەتیە ڕۆشنبیرو گووتارەکانەوە بەهیچی تر کۆتایی نەهات چونکە نەبەز گۆران لەلای گەنجە ڕاستەقینەکان، بە هەڵچونێکی دەروونی و مەبەستێکی کاڵ وکرچی تاییەتی نەبی نەدەناسرا، کوردستان پۆستیش ماوەیەکە خەریکی بەزم و بالۆرە و خەیاڵی گۆڕان و نۆێگەریە کەچی حەیای خۆی بە عالەمی ئاشکرا بردوو ئەوەی دۆڕاند کە خەڵك بەسایتێکی سەربەخۆ بیزانی، بۆ ئەم مەبەستە من چەند خالێك ڕووندەکەمەوە بۆ خۆێنەر باخۆی حەکەم بێت بزانە حوکم نادات بەوەی ئەمانە قسەکەی ئازاد جوندیانیان بەسەرخۆیاندا سەلماند، و بزانە خۆێنەر ناگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئَیمە

پێویستە بەشوێن بەدیلێکی تردا بگەرَیین و بیخەینە شوێن کوردستان پۆست. برادەرێك ماوەیەکی زۆرە لەرَۆژئاوا دەژی و یەکێکە لە ڕۆشنبیرە نوخبەکانی کورد ڕۆژی تەلەفونی بۆکردم و ووتی سایتێك دروست بووە بەناوی کوردستان پۆست موتابەعەکەی کارەکانیان دەکەی منیش ووتم بەڵی بەوردی سەیری ئیشەکانیان دەکەم و پێشموایە دەتوانێت کەناَڵیکی باش بێت بۆ هەناسە هەڵمژینێکی ئازاد و کورد لەم قۆناغەدا کارێکی هاوچەرخانەی وەهای پێویستە، دواتر ووتی من پێمخۆشە دڵت بەو کارە خۆشبێت بەڵام ناتوانن تاپێکانی ئامانجەکەیان هەناسەیان درێژبێت و ووتی پێموایە وەکو ڕَۆژنامەنوسە سادەکانی لای خۆتانی لێدێت ئەگەر قایمقامێك کارتێکی ئاسیایان بۆ بکرێت کۆڵ دەدەن لە ڕەخنە گرتن، هەروەها درێژەی پێدا ووتی سەرەتا هاتونەتە لای من و وتویانە ئێمە دەمانەوی حیزبێك دروست بکەین و بیکەینە بەدیل بۆ یەکێتی و پارتی چونکە خەڵك لێیان نارَازیەو دەیان ڕَووخێنی جا ئێمە شوێنی ئەوان دەگرێنەوە، هاورَیکەم ووتی دوایی ئەوەی زانیان کە خەیاڵەکەیان پڵاوەو مەبەستەکەشیان دیارە کەدرێکردنەوەی ئەو پارە پەیداکردنەیە کەلای مەسولەکان بۆتە باو. . . وەلحاڵ من بەنەخیرو ئینکاری و ئەویش بەنەسیحەتکردنم، تا هەنگاو بەهەنگاو سەیرم دەکرد و هەرجارە و شتێك تێکەڵ بە کەڵچەری ڕَۆژنامەگەری دەکەن و دەیانەوی بەو کەناڵە نان پەیدا بکەن لەجیاتی ئازادی، زۆرمان بینی دروشمبازی تێکەڵکردنی ئەم سایتە بەشتە ڕۆَشنبیریەکان و لەوەش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

7-3-2007 17:55 یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خۆشتر جاروبار داوای لەخەڵکی کوردستان دەکرد ڕاپەڕن و یەکێتی و پارتی شار بەدەربکەن، ئەرشیفی ڕابردووی لەبەردەست و چاو دایە خۆێنەر دەتوانی ببینی لەلای خۆیان هەڵگری چ پەیامێك بوون، من نایشارمەوە خەڵکی زۆر دڵی بەکارەکانیان خۆش بوو خۆم یەکێك بووم لەوانە، کەچی لەناکاوێکدا وەکو بەرنامەی لێهات تا بە ئاشکرا ووتی کاکە ئێمە گوومان خوارد و دەنگ بۆ لیستی حەوت سەد وسی بدەن ئەوکاتەش خەڵك خۆفرۆشی ئەوانیان بۆ ڕوون بووە وە، کەچی کوردستان پۆستیش لەم ڕۆژانەدا بە سەروتاری دەنوسی ئەگەرچی ئێمە لەڕابرددودا ڕەخنەمان دەگرت بەڵام ئیستا وا دەخوازی بەرژەوەندی نەتەوەیمان نەخەینە ژێر مەترسیەوە و و هەروەها داوا لە تاڵەبانی دەکات کە ئیسرائیل فێڵی لێنەکات و بەیەکتری لەگەڵ کاك مەسعودا بەکوشت نەچن، گەلی کوردیش لەم پلانە ئاگادار دەکاتەوە و ڕایشی دەگەیەنی ئاگاداری ئەم دووسەرکردەیە بکەن و نەخوازەڵڵا فیتنە کاران بکەوێتە نێوانیانەوە و هەندێکی کەم لەگەنجان بەکوشت بدەن دوایش سفر گوون بەدەست دەربچن. . .

ئەمە دواهەمین پەیام وکارو چاکسازی و دروشمبازی ئەم سایتە ئازادەبوو، وەکو ووتم نامەوی یەك بەیەك کارەکانیان ووتار و هاندانی ڕژنامەنووسەکان بەرامبەر تاڵەبانی و بارزانی. . . هتد پیشان بدەم بەڵکو خۆێنەر خۆی هەمووی دەزانی، سەیرە تۆ تا دوێنی بەتاڵەبانی و بارزانی بڵیی دیکتاتۆر و ئیمرۆش داوا لەخەڵکی بکەی بیانپارێزی ئەگەر پییان عەیب نەبوایە مەڕیشیان بۆ دەکردە قوربانی و لەشوێن کاریکاتێرەکانی جارانی تاڵەبانی ئێستا قوربانی و مەڕسەربڕینیان پیشاندەدا، خۆا خۆی دەزانی ژێر بەژێر نەیان کرددوە؟؟! ئەمانە نەیانتوانی لەتەنها خاڵیکی گرنگ تیبگەن بەدرێژای کارکردنیان و پێشم وایە لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم نووسینە بنە و بارەگایان دەپێچنەوە و دەچن ناسکە هەوی و تەزکیە حیزبەکەی مامیان هەڵدەگرن و داوای لێبوردنیش لەخەڵکی بکەن، خۆ نەبەز گۆران گووتەنی عەیب نیە بچن داوای لیبوَردن بکەم لە سەرۆ قادر ئەو گووتی منیش سەگم سەرۆ ڕاست دەکات ئیدی نازانین ئێوە چی دەڵێن و چۆن ڕووی ڕەشتان سپی دەکەن بەرامبەر ئەو چۆك دادانەتان و حیزبی دەرچوونەتانە، ئێوە چیتان کەمتر دەبی لە فایلدارو موستەشارەکان، ئێوە بیرتان چوو بەڵی تالەبانی و بارزانی ئەگەر دیکتاتۆربن هەرکەسێك لەناویان بەری کورد پیی ناخۆش نیەو ئامێزیشی دەکاتەوە بۆ هەر ڕزگارکەری ئەگەر جولەکە و کورد واتەنی گاوریش بیٚ؟!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.